# تکایە دەنگ مەدەن!



**هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند**

سبەینێ خەڵکی هۆڵەند دەچنە سەر سندوقی ڕێفراندۆم ، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە : ئایا دەیانەوێ پشکداری لە دروستکردنی ئەورووپای نوێدا بکەن یان نا ؟ ، ئەوەی تا ئێستا روونە ، جوابی خەڵک ( نەخێر ) ە ، چونکە لە ڕوانگەی وانەوە ، هاوبەشی لەو پێکهاتە نوێیەدا ، یانی وازهێنان لە بەشێکی گەورەی سەروەرییە نیشتمانییەکانیان و هەروەتر دۆڕاندنی شانازییەکیش کە پێیدەڵێن : کۆمەڵگای خۆشگوزەرێن .
بەڵام دەوڵەت ڕایەکی دیکەی هەیە و وایدەبینێ کە : چونە نێو ئەورووپای نوێوە ، وازهێنانە لە هەندێک دەسەڵاتی خۆماڵیی بچوک ، بۆ بەدەستهێنانی دەستەڵاتگەلی نێودەڵەتیی مەزنتر .

*　　　*　　　*

چیرۆکەکە لە پەیماننامەیەکی بازرگانیی سنوردارەوە دەستیپێکرد ، ساڵی 1951 ژمارەیەکی دیاریکراوی وڵاتانی ئەورووپی پەیمانێکیان ئیمزا کرد و تێیدا بڕیاری هاوکارییاندا لە بواری بازرگانیی خەڵوز و پۆڵا دا ، ئەو هاوکارییە ، بە لەسەرخۆیی پەرەیپێدرا ، تا گەیشتە ئەوەی ببێتە یەکێتییەکی بەهێز لە نێوان وڵاتە پێشقەچوو و پیشەسازییە گەورەکاندا ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو یەکێتییەش تێنوێتیی تەواوەتیی ئەندامەکانی نەشکاند ، بڕیاری دانانی دەستورێک و فراوانتر کردنی سنوری ئەندامێتیی درا .

*　　　*　　　*

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە : لە کاتێکدا دەستوردانان بۆ یەکێتیی ئەورووپا ، دەبێتە هۆی بەهێزتربوون و کاراترکردنی ڕۆڵی ئەورووپییان لە دنیادا و هەندێک وڵاتی وەک ( تورکیا و ڕۆمانیا و ... هتد ) یش لە دوورەوە هەناسەی حەسرەت بۆ پشکداریکردن هەڵدەکێشن ، بۆ چی هۆڵەندی دەیانەوێ بە ڕێفراندۆم ڕەتیکەنەوە ؟ ، یانیش دەبێ کامیان بۆ هۆڵەند چاکتر بێ : ئەوەی کە سەرەکوەزیرانەکەیان لە واشنتۆن بە ئاغای بۆش بڵێت : ییس سێر ! ، یان لە ئەورووپای خاوەن دەستوری هاوبەش و سیاسەتی دەرەکی و ئەمنی و بەرگریی هاوبەشدا ڕۆڵی ئەندامێکی

چەلەنگ بلەیزێت ؟ ، وەلآم لای شالیاری دەرەوەی هۆلەندە کە هەفتەی رابردوو بە خەلْکی گوت : ئەگەر نازانن قەرارە بۆچی دەنگبدەن ، لەبەر خاتری خوا دەنگ مەدەن ! .

*               *               *

بۆ من جێی سەرنجە کە دوای ئەو هەلْمەتە فراوانەی لێرە بۆ روونکردنەوەی مەسەلەکە لە لایەن دەولْەتەوە دەدرێت ، خەلْک رای تایبەتیی خۆیان دەپارێزن و بە ئاشکرا دەیلْێن کە : شەریکایەتی دەگەلْ زلدەولْەتی وەک ئالْمان و فەرانسە ، وەک دۆستایەتیی نەهەنگ و ماسییەچکۆلەکانە و ئەو خۆشگوزەرانییە کۆمەلآتییەی ئێستاش هەیە ، دەکرێ لە چوارچێوەی ئەوروپای سبەینێدا بکەوێتە مەترسییەوە ، چونکە ئەندامە نوێکانی ئەو یەکێتییە ، ئەو ولآتە هەژارانەن کە لە بلۆکی کۆمۆنیستیدا وەک ولآتگەلی پڕ لە بێکار و ئابوریی داڕوخاو هاتوون و ئەوەی هێناونی چاوبڕینە لە بازاری سەرکەوتووی هاوبەشی ئەورووپی و مەیدانی کارە زۆرەکەیەتی .
بەلآم پۆلەتیکڤانان لەسەرزاری (بۆس) ی لیدەری پارتێکی بەهێزەوە شیمانەیەکی دیکە دەخەنە روو : ئەگەر خەلْک جوابی نەرێنی بدەنەوە ، رەنگە سەرلەنوێ رێفراندۆم بکرێتەوە ! .

*               *               *

دەلْێم : لە چ دنیایەکی قۆشمەدا دەژین ؟!.
لە ولآتێکی رۆژهەلآتیدا ، خەلْکێک لە رێفراندۆمێکی نارەسمیدا ، بە سەرۆکەکانیان گوت : سەرخۆبوونمان دەوێت ، کەچی ئەوان بە قسەیان نەکردن و دەستی هاونیشتمانبوونیان بۆ کەلْەکبازی گەورەی وەک ( جەعفەری ) درێژکرد !.
لە ولآتێکی رۆژاواییشدا ، سەرۆکەکان بەر لە رێفراندۆمێکی رەسمی ، بە خەلْکەکەیان دەلْێن : وەرن با لاوازییەکانمان بە پشکداری لە یەکێتییەکی بەهێزدا بشارینەوە ، کەچی ئەوان خەریکە بە قسەیان نەکەن و لە پێناو بەهای چکۆلە ، دەستکەوتە گەورەکان لەدەستبدەن .
بەڕاستی دنیایەکی سەیرە گولْم .. ! .

www.hemnabdulla.blogspot.com